

# ئامێری گەمەکردنی منداڵانیش سیخوڕی دەکەن

جیهانی تەکنەلۆژیا وەك شیرێکی دوو سەر وایە، دەکرێ، ببەسترێتەوە بە لایەنی بەکارهێنەرەکەی چونکە هەر لەوکاتەدا مەبەستی خزمەتکردنە، دەشکرێ رۆڵی خراپ و نەرێنیش بگێڕێ، هەروەك ئەو کۆپتەرەی منداڵانە کە لە وێنەکەدا دەیبینن، هەرچەندە بۆ منداڵان بەرهەم هاتووە بەڵام لە رێگای مۆبایلی ئایفۆنەوە و کۆنترۆڵ دەکرێ و کامێرایەکی هەیە فیلم هەڵدەگرێتەوە.

کۆمپانیای Swann کە ئەم جۆرە کۆمپیوتەرەی بەرهەم هێناوە، سێ مۆدێلی خستۆتە بازاڕەوە، "بروسکە، چاوی ئاسمان، قولینگی رەش" هەرکام لەو کۆپتەرانە وێنە و فیلم هەڵدەگرنەوە. کۆپتەری "بروسك" بەهۆی پرۆگرامێکی ئایفۆن، یان هەر ئامێرێك کە سیستەمی ئەپلی لەسەر بێت، کۆنترۆڵ دەکرێت. هەرکام لەو کۆپتەرانە هاردی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ داکردنی فیلم و وێنەکان. هەربۆیە لەمەولا دەبێ ئاگاداری لەیستوك و ئامێری منداڵانیش بین کە بەمەبەستی دزەکردنە ناو ماڵ و سیخوڕی کردن و ئامانجی خراپەکاری بەرهەم هاتوون. چونکە کۆپتەری ناوبراو دەتوانێت هەموو ئەو فیلمانەی کە دەیانگرێت راستەوخۆ بۆ مۆبایلی ئایفۆن بەرێی بکات، کۆپتەرەکە بەباتری شەحن کار دەکات و بەڵام تەنیا دەتوانێت هەتا هەشت خولەك کار بکات و دواتر شەحنەکەی دادەبەزێت..



# تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکان دەبن بە کۆمپیوتەر



ماوەی یەك دوو ساڵە تەلەڤزیۆنی هۆشمەندی LED واتە ئەو تەلەڤزیۆنانەی شاشەیان زۆر تەنکە لە جیهاندا پەرەیان سەندووە و تەلەڤزیۆنە کلاسیکەکان دەبن بە مێژوو.. تەلەڤزیۆنە LED ەکان هەر ئەوە نین کە ئەرکی کۆمپیوتەر ئەنجام بدەن، کێبڵی HD ی کۆمپیوتەریان تێدەخرێ و ئەوکات وەك شاشەی کۆمپیوتەریان لێدێت. لەم دواییەدا مایکرۆ کۆمپیوتەرێك واتە کۆمپیوتەرێکی وردیلە کە بەقەد فلاش میمۆرییەك دەبێت لە شوێنی فلاش میمۆری تەلەڤزیۆنەکان دەخرێن و بەهۆیەوە تیڤییەکە دەبێتە کۆمپیوتەر و دەتوانی سایتەکانی ئینتەرنێت لەسەر تیڤییەکەت بکەیەوە. خێرایی کۆمپیوتەرە بچووکەکە یەك گیگایە، رامەکەی یەك گیگایە و سیستەمی وای فای و وایەرلەیسی هەیە هەروەها شوێنی دانانی کامێرای هەیە کە بۆ پەیوەندیی سکایپی کەڵکی لێوەردەگیرێت و تەنانەت شوێنی دانانی ماوس و کیبۆردیشی هەیە.

# ماوسێکی تایبەت بە گەمەکردن لەسەر کۆمپیوتەر




ماوس وەك شاکلیلی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت و بە زۆری لە دوو دوگمەی لای راست و چەپ و گۆیەك لەناوەندا پێکهاتووە و گشت فەرمانەکان بەهۆی ماوسەوە جێبەجێ دەبن، بەڵام بۆ یاریکردنی ماوسێکی ئاسایی بە تەنیا گرنگ نییە، هەربۆیە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی ماوسی تایبەت بە گەمەی ئەلیکترۆنی بەرهەم دێنن، وەك کۆمپانیای Razor کە ماوسێکی نوێی بەناوی Ouroboros بەرهەم هێناوە، ماوسەکە بێ وایەرە و بۆ هەردوو بەکارهێنەری چەپ دەست و راست دەست دەگونجێت، چونکە دوو بەشی لای ماوسەکە گۆڕانکاریان بەسەردادێت و بەکارهێنەرەکەی بتوانێ بە چ دەستێك کار بکات بۆ ئەو دەستەی دەیگونجێنێت. ماوسەکە پتەوە و ئەگەری تێکچوونی زۆر کەمە..

# ئینتەرنێتی گوگڵ خێرایی یەک گیگابایتە

هەموومان ئینتەرنێت وەك سایتێك دەناسین کە ئەرکی دۆزینەوەی وێنە و دەق و خزمەتگوزاری بەڕێکردنی ئیمێلە، نازانین ئـەو کۆمپانیا مەزنە چەندین ئەرکی گرنگی دیکە ئەنجام دەدات، لەم ماوەیەدا خەریکی بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژی دیجیتالی زۆر گرنگە، یەکێك لەم ئامێرانە ئامێری "گوگل فەیبەرە"، کاری سەرەکیی ئامێرەکە گواستنەوەی هێڵی ئەنتەرنێتی خێرایە، ئێستاکە تەنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دەستی بەخزمەتگوزاری کردووە، لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕەنگە زۆربەی جیهـان بگرێتەوە. خێرایی هێڵی ئەنتەرنێت لەم ئامێرەدا یەك گیگابایتە، 100 جاران خێراترە لە هێڵی ئەنتەرنێتی ئەمەریکا، تـۆ بڵێی چەند هەزار خێراتر بێت لە ئینتەرنێتی لای خۆمان!! بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر فیلمێکی 700 میگابایتی تەنیا لە شەش چرکەدا دادەبەزێنێ، واتە داونلۆد دەکات. ئامێرەکە دەتوانێ لە یەك کاتدا ڕاستەوخۆ و بەهۆی وایەرەوە هێڵی ئەنتەرنێت بۆ چوار کۆمپیوتەر بگوازێتەوە، بەڵام بەهۆی سیستەمی وایەرلەیسەوە بۆ دەیان کۆمپیوتەر هێڵی ئەنتەرنێت بەرێ دەکات.





# هەم بڵندگۆ و هەم کەیسێکی دژە تەڕبوون

ئامێرە دیجیتالییە نوێییەکان گرفتێکی سەرەکی کە هەیانە، بە تەڕبوون و کەوتنە ناو ئاوەوە ئەگەر بەتەواویش تێك نەچن، کورد گوتەنی نیوە عومر دەبن، بەکارهێنەرانی مۆبایل و ئامێری دیکەی دیجیتالی بە ڕژانی گلاسێك ئاو بەسەر ئامێرەکەیاندا زیانێکی زۆریان پێگەیشتووە. ماوەیەکە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل و ئامێری دیکەی دیجیتالی هەوڵ دەدەن ئامێری لاوەکی بۆ ئەو ئامێرە هۆشمەندانە بەرهەم بێنن کە بەدانانیان لەو قالب و چوارچێوە و کەیسانەدا بەرگری لە تەڕبوون و ئاوتێچوونی ئامێرەکانیان بکەن. ئامێری EcoXpro یەکێکە لەو ئامێرانە. ئامێری ناوبراو سپیکەر واتە بڵندگۆیەکی دژە تەڕبوونە، کە دەکرێت مۆبایلەکەت لەناو دابنێی و بەبێ مەترسی لەگەڵ خۆت بۆ ناو ڕووبار ببەی و مەلەی پێبکەی، بەهۆیەوە دەتوانی زیاتر لە دوو ڕۆژ لەناو ئاودا گوێ لە گۆرانی بگری، ئەگەر تاقەتت هەیە ئەوەندە مەلە بکەی و لەناو ئاو بمێنیەوە.

# تۆ بڵێی ئەم پانکەی ئایفۆن فێنکمان کاتەوە؟




گەرمای ئەمساڵ، بەتایبەتیش ئەم چەند ڕۆژەی دوایی مانگی تەموز لە لوتکەدایە، زۆر کەس دەڵێن گەرمای وامان نەدیوە. موبەریدە وەك پانکەیەك ڕۆڵ دەبینێت!! لە گەرمایەکی وادا تۆ بڵێی ئەم ئامێرە بچووکە کە لە ئایفۆن دەخرێت هیچ کاریگەریی هەبێت!! ئەگەر ئەو ئامێرە بۆ وڵاتانی دیکە کاریگەریی هەبێت و بەکارهێنەرەکەی فێنك کاتەوە، ئەوە لە وڵاتی خۆمان هیچ!

پەنکەکە بە ئاسانی لە شوێنی شەحنکردنەوەی ئایفۆن دادەنرێت، ئەگەر مۆبایلەکە تەواو شەحن بێت، دەکرێت هەتا شەش کاتژمێر بەردەوام کار بکات.




# سایتێک بۆ چێکردنی وێنەی سێ رەهەندی لە خۆتان

حەز دەکەی وێنەیەکی سێ رەهەندی لە روخساری خۆت ببینی، یانی وێنەیەك کە بکرێت لە هەر سێ لایەوە سەیری بکەیت، لە جیهانی ئەنتەرنێتدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە، هەرچەندە پرۆگرام گەلێکی زۆر بەرهەم هاتوون کە ئەرکیان دروستکردنی وێنەی سێ رەهەندی (3D)یە. بەڵام سایتی Vizago بە ئاسانترین رێگا دەتوانێت جوانترین وێنەی سێ رەهەندی لە وێنەی رووخسارتان چێ بکات. تەنیا ئەوەندەیە کە وێنەیەکی خۆت لە سایتەکەدا لەو بەشەی کە بۆ ئەو مەبەستە داندراوە ئاپولۆد دەکەی، سایتەکە لە ماوەیەکی کەمدا وێنەیەکی 3Dتان لە وێنەکەی خۆتان دەداتێ.



بەڵام بۆ ئەو سایتە دەبێ حەتمەن سوود لە گوگل کرۆم وەربگرن، چونکە خزمەتگوزاری سایتەکە زیاتر لەگەڵ گوگل کرۆم دەگونجێت، لەسەرەتادا ئەکاونتێك بۆ خۆت لە سایتەکەدا دەکەیتەوە، پاشان وێنەیەکی خۆت کە کوالیتییەکەی لەسەرەوە بێت و بە جوانی گیرابێت و وەك ئەو وێنانەی کە بۆ مامەڵات دەیگریت دەخەیتە سایتەکە و پاش برینی چەند قۆناغێکی ئاسان وەك دیاریکردنی لای لێو و گوێ و لووت لە وێنەکەدا، وێنەیەکی سێ رەهەندی دروست دەبێت. رەنگە زۆر کەس تەنیا بەمەبەستی کات بەسەربردن وێنەکانیان بکەنە سێ رەهەندی، بەڵام کاری سایتەکە لەوە گەورەترە، چونکە ئێوە دەتوانن وێنە سێ رەهەندییەکانتان بکەنە یەکێك لە کارەکتەرەکانی یارییەکی ئەلکترۆنی.

# خزمەتگوزارییەکی نوێ لە سایتی گوگلدا

رەنگە کەم کەس لە ئێمە بۆ کاری بیرکاری پێویستییەکی ئەوتۆمان بە سایتی گوگل هەبێت، یان کەم کەس بزانن کە لە سایتی گوگلدا دەتوانی بەبێ هیچ گرفتێك سەخترین ئەرکی ژمێریاری و بیرکاری ئەنجام بدەی، بۆ نموونە ئەگەر لە بۆکسی بەدواداگەڕاندا بنووسی 5*5 لە خوارەوە ئاکامەکەی کە ژمارەی 25 دەنووسێت. ئێستاکە ئەو خزمەتگوزارییە پێشکەوتووتر بووەو هەر راست وەك ئامێری ژمێریاری واتە حاسیبەیەکی دیجیتالی لێهاتووە. ئێستاکە ئەگەر هەر ژمارەیەکی تایبەت بە بیرکاری وەك 5+2 بنووسی، دەستبەجێ حاسیبەیەکی رەنگ شین کە خاوەنی 34 دوگمە و فەرمانی پێویستە بۆ کاری بیرکاری دەردەکەوێت. لە هاندی مۆبایلدا حاسیبەکە وەك پرۆگرامێکی زۆر سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت.



# چەند زانیارییەک

سێ ساڵ بەسەر بەرهەمهێنانی ئۆفیسی نوێی مایکرۆسۆفت تێدەپەڕێت، ساڵێك لەمەوبەر راگەیەندرا کە مایکرۆسۆفت هەوڵ دەدات نوێترین ئۆفیسی خۆی بەناوی ئۆفیس 15 یان ئۆفیس 2013 بڵاوبکاتەوە، بەپێی رێکەوتەکە بێت، دەبێت ساڵی 2013 بکەوێتە بازاڕەوە، لەم رۆژانەدا کۆمپانیای ناوبراو پەردەی لەسەر ئەم ڤێرژنە نوێیەی ئۆفیس لادا و ئەوانەی لێرە باسیان دەکەین هەندێك زانیاریان سەبارەت بەو ئۆفیسە، هەرچەندە گەر بمانەوێ بە وردی بیناسێنین پێویستیمان بە چەندین لاپەڕە دەبێت.

ئەم ئۆفیسەی مایکرۆسۆفت بەتەواوی پەیوەندیی لەگەڵ ئینتەرنێتەوە هەیە، بۆ نموونە هەرکەسێك کە لەو ئۆفیسە سوود وەردەگرێت، دەبێ ئادییەکی لە مایکرۆسۆفت هەبێت، ئەوکات هیچ مەترسییەکت نابێت لەوەی کە ئەو فایلەی نووسیوتە بەهۆی تێکچوونی کۆمپیوتەر یان کارەبا کوژانەوە یان هەر هۆکارێکی دیکە بسڕێتەوە،

# گوندەکەت ئاوەدان بکەوە

The Promised Land ناوی یارییەکی سەرنجڕاکێشە و چاخی یارییەکە بۆ سەردەمی پیشەسازی سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، ئەو کەسەی یارییەکە دەکات لەسەرەتادا رۆڵی جوتیارێك دەبینێت کە خەریکی کاری کشتوکاڵییە، دەستپێکی یارییەکە گوندێکی وێرانەیە و دەبێ هەوڵێکی زۆر بدات تا گوندەکە ئاوەدان بکاتەوە، سەرەتا بنەماڵەیەك کە پێکهاتوون لە 5 کەس رۆڵ دەبینن، دواتر خەڵکی دیکەش بۆخۆت زیاد دەکەی و دەبێ دار ببڕیت و بەرد بێنیت و زەوی بچێنیت و زێڕ و زیو بەدەست بێنیت و ماسیگری بکەیت و هەتا گوندەکە دەکەیت بە شوێنێکی گەشتیاری زۆر سەرنجڕاکێش کە کارگەی بچووك بچووکی تێدایە و کارەکتەرەکان دەبن بە 50 کەس، چیرۆکی ناو یارییەکە زۆر خێرا نییە و ماوەی زیاتر لە 8 کاتژمێر و زیاتریش دەبێ یاری بکەیت هەتا یارییەکە کۆتایی دێت، بەڵام بەراست سەرنجڕاکێشە...



# لەبارەی نوێترین ئۆفیسی مایکرۆسۆفتەوە

چونکە لە ئینتەرنێتدا خەزن دەبێت و بە نووسینی یوزەر نەیم و پاسۆردەکەت لە هەر کۆمپیوتەرێك بێ دەتوانی فایلەکانی خۆت ببینیتەوە. یان فایلێکت بە هۆی وۆردەوە نووسیوە، بەڵام تەواوت نەکردووە، لە هەر شوێنێك بی و بە هەر ئامێرێك بێت تەنانەت بە مۆبایل یا تەبلێتیش دەتوانی بچیە سەر هێڵی ئەنتەرنێت و ئەکاونتی خۆت بکەیەوە و فایلەکەت تەواو بکەی. هەروەها بەبێ هیچ پرۆگرامێك دەتوانی فایلەکانت بکەی بە PDF و فایلە PDFەکانیش دەستکاری بکەی.. فایلەکانی پاوەرپۆینت وەك کتێبیان لێهاتووە، دەتوانی چۆن لاپەڕەیەك لە کتێبدا هەڵدەدەیەوە ئاواش فایلەکان هەڵبدەیەوە. وەك ئاماژەم پێدا گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر ئۆفیسی نوێی مایکرۆسۆفتدا هاتووە کە لێرەدا ناتوانین هەموو وردەکارییەکان باس بکەین..




# پرۆگرامێک
# بۆ دروستکردنی فیلمی DVD

پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان دروستکردنی فیلمی DVDیە، بە جۆرێك کە لەسەر ئامێری DVD ماڵەوە بخوێنرێتەوە. یەکێك لەو پرۆگرامە پێشکەوتووانە کە ئیمکانی چێکردنی فیلمی دی ڤی دی هەیە بە دیزاینی زۆر جوانەوە پرۆگرامی Sothink movie DVD makerیە. ئەم پرۆگرامە بەهێزە لە گشت فۆرماتەکانی وەك نقیر WMV، MKV، AVI، DivX، XviD، MPEG، MP4 QuickTime، Real Video، H.264/AVC، M2TS، MTS، M2T پشتیوانی دەکات و دەتوانێت راستەوخۆ فیلمەکە لەسەر دی ڤی دی کۆپی بکات.




لە پرۆگرامی ناوبراودا توانای رایتکردنی گشت جۆرە دی ڤی دییەك هەیە کە بۆ سیستەمەکانی دی ڤی دی ماڵەوە دەگونجێت. پرۆگرامەکە لەگەڵ هەر دوو سیستەمی PAL و NTSC هەیە و دەنگ بە شێوەی 5 لایی بڵاودەکاتەوە.



## هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێکی بۆ هاتۆتە پێش و دەپرسێت ئەو فایلە ڤیدیۆییانەی کە هاوڕێیانم لەسەر فەیسبووك دایان ناون، ناتوانم سوودیان لێوەربگرم هەروەها کاتێکیش خۆم دەچمە سەر سایتی یوتیوب و دەمەوێ چاو لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی بکەم فەرمانێك دەنووسێت و داوای شتێك دەکات کە بەهۆی ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی نازانم، نازانم فەرمانەکە چییە و چی بکەم بۆ ئەوەی سوود لە گرتە ڤیدیۆییەکان وەربگرم؟

خوێنەری بەڕێز بۆ سوودوەرگرتن لە فایلە ڤیدیۆییەکانی سەر ئینتەرنێت دەبێت پرۆگرامی adobe flash player لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هەبێت، ئەگینا ئەو رستە ئینگلیزییەی کە بەڕێزتان ماناکەی نازانی دێت و داوات لێدەکات کە ئەو پرۆگرامە دابەزێنە و هەتا ئەو پرۆگرامە نەبێت ناتوانیت سوود لەو فایلە وەربگریت. پرۆگرامەکە زۆر بچووکە و قەبارەکەی کەمە و دەتوانی لەسەر سایتی www.adoobe.com بەبێ گرفت وەریبگری. هەرچەندە لە پرۆگرامی internet e-xplorer 9دا پێویست بە دابەزاندنی ئەو پرۆگرامە ناکات، بەڵام لە ڤێرژنەکانی خوارتر و هەروەها لە پرۆگرامی firfox، google chrome، opera..تاد ئەو پرۆگرامە پێویست دەکات.